# ئیسلام و جیهان

ن/د.سعدالدين ابراهيم*

و/هێمن مەحمود/دەربەندیخان

HEMNM1979@YAHOO.COM

هەتاوەکو ئێستاش ئیسلام چ وەك ئاین و موسوڵمانانیش وەك مرۆڤ هەموو جیهانیان بەخۆیانەوە خەریککردوە، بەوانەشی کە موسوڵمان نین.

سەرەڕای ئەوەی ئەم خۆ خەریککردنە بەچەند ساڵێك بەرلەڕودانی کارەساتەکەی 11ی سێپتەمبەری نیویۆرك دەستیپێکردوە،بەڵام ئەم کارەساتە بەخاڵێکی یەکلاکەرەوە دادەنرێت،بەجۆرێك گرنگیپێدانەکان چەند قات زیادیکرد و لەگەڵ خۆشیدا ترس لەم ئاینە زیاتر بووە،نابێت ئێمە(موسوڵمانان) کە ئەم ڕاستیە پشتگوێ بخەین یان تۆمەتی ساویلکەی لەجۆری ئەوەی ئەمە(موئامەرە)یە بۆ سەر ئیسلام ئاراستەی ئەوانە بکەین کە لێمان دەترسن.

هیچ کەسێك، چ تاك بێت یان کۆمەڵە کەسانێك،لەدایك نابن و ترسیان لەکەسێك یان کۆمەڵێکی دیکە هەبێت،بەڵام ئەم هەستانە،لەگەڵ ئەو ڕەفتارانەشی کە لەگەڵیاندا دروستدەبێت،کۆمەڵە شتێکن کە ڕاستەوخۆ لە ئەزمونی ژیانەوە دروستدەبن،ئەمەش بەو مانایە نایەت کە کۆمەڵە کەسێکی ڕێگاونکەر،ئەوانەی کە بۆ مەبەستی دونیایی ڕوت،هەڵدەستن بەئەنجامدانی شەحنکردنێکی دەرونی و تەحریزکردنێکی رۆشنبیری و شارستانی لە دژی ئیسلام و موسوڵمانان.

بەڵام ئەم نوسەرە(نوسەر مەبەستی خۆیەتی)لەلایەنگرانی قوتابخانەی ڕەخنەگرانەیە،ئەو قوتابخانەیەی کە بەرلەهەموو شتێك یان لانی کەم لەسەرەتاوە بەکۆمەڵ خودەکان دەپشکنێ لەو کاتەدا کە ئەوی دی بەکۆمەڵ تۆمەتبارمان دەکات چ وەك گەلانێك یان ڕۆشنبیریەك یان ئاینێك مەبەستیان بێت لێمان بدات،تەنانەت ئەمانەش لەزەمەنە مێژوییەکانی پێشوتریشدا بێت وەك زەمەنی شەڕی خاچپەرستەکان،یان زەمەنی ئیستعمار لە سەدەکانی پێشوتردا،چیدی نابێت ئێمە دیلی زەمەنەکانی پێشوتربین.

چونکە هەموو زەمان و هەموو شوێنێك کۆمەڵێك ڕێسای گۆڕاو تایبەت بەخۆ دەبیات بەڕێوە.

بەڵێ ڕابوردوو لەیاد ناکەین،پەندیشی لێوەردەگرین،بەڵام لەگەڵ ئێستاشدا بەو نیگایە سەیری دەکەین کە لێ‌ی تێبگەین و ئالیەتی وەهادابنێین بۆ ڕەفتارەکانمان کە لەگەڵ پێدراو و هاوسەنگی هێزە هاوچەرخەکاندا بگونجێ.

ئەوەی کە لەبەیانی 11 ی سێپتەمبەری 2001 لەنیویۆرك ڕویدا و بوبەهۆی لەدەستدانی ژیانی زیاتر لە (3) هەزار کەس،کەزۆربەیان لەمەدەنیە ئەمریکیەکان بوون،لەگەڵ(30)نەتەوەی جیاوازی تر،ئەوانە دەیانویست بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەزەویدا پاروی ژیانی خۆیان وەدەستخەن،هیچ کردارێکی وەهایان نەکردبوو کە زیان لەئیسلام و موسڵمانان بدات.

تەنانەت باس لەوەشدەکرێت کە لەنێو قوربانیاندا زیاتر لە (100) موسوڵمان هەیە کە خەڵکی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقان.

ئەوانەشی ئەو تاوانەیان ئەنجامدا وەها ئیدیعا دەکەن کە لەڕووی مەعنەوییەوە بەناوی ئیسلام و موسوڵمانانەوە ئەنجامیانداوە،لەڕووی ماديشەوە زیانیان گەیاند بەموسوڵمانان و وەهایکرد کە بەتوندوتیژی و بەربەریەت و تیرۆر سەیری موسوڵمانان بکرێت و تۆڵەی بەهێزەکانیان بەسەردا ببارێت چ لەعێراقدا و چ لەئەفغانستانیش.

هەموو ئەو پێشهاتانە وای لەبیرمەندە ئیسلامیەکان کرد بەتایبەت عاقڵەکانیان،بەو بڕوایە بگەن کە بیروباوەڕ و ئەحکامەکان و ڕەفتارە ئیسلامیەکان پێویستیان بەچاوپێداخشاندنەوەیەکی جیدیانە هەیە،ئەویش بەمەبەستی پاککردنەوەیان لەهەر تێکەڵ و پێکەڵێەك و بێ سەروبەرییەك کە بەدرێژایی سەردەمەکان بەئیسلامەوە نوساوە و ناشیرینکردوە،یان لەمۆزەخانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا مۆمیایکردون.

بیرمەندی ئیسلامی(جەمال بەنا) یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی داواکەرانی چاکسازیکردنی فیقهی ئیسلامی و تازەکردنەوەی،ئەویش بەکردنەوەی دەرگای(ئیجتیهاد) پاش ئەوەی لەلایەن پیاوانی ئاینیەوە بەتەنها قۆرخکرابوو.

بەجۆرێك ئەم فیقهە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست و یەکدا بگونجێ،لەدوای ئەوەی کە دیلی سەدەی دەیەمی زاینییە.

هەر لەچوارچێوەی ئەم موبادەرەیە و هاوشێوەکانیدا و بۆ چاککردنەوەی ئەوەی کە ئەو توندڕەوە ئیسلامیانە ئەنجامیانداوە،پێویستبوو کە ئەو تازەگەرانە ڕوبەڕوی کۆمەڵێك لەو(بانگکارانە) بنەوە.

کۆمەڵی یەکەمیان بەبیانوی ئەوەی کە ئەوە فێربون و تایبەتمەندێتیە،دەیانەوێت بەناوی ئیسلامەوە هەموو قسەکردنێك قۆرخبکەن.

لەڕاستیدا ئەوانە چ لەئەزهەربن یان لەزەیتونە یان لەنەجەف و یان لەقوم،بەدرێژایی هەردوو سەدەی پێشو نەیانتوانیوە شتێکی وەها دروستبکەن کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی تازەدا بگونجێ.

تەنانەت ئەوانە بەبیانوی تایبەتمەندێتیەوە،ڕۆڵیان لەدابڕینی ئیسلامدا گێڕاوە لەژیان ،و هەرکاتێکیش کە موسوڵمانان توشی شکستهێنان یان دۆڕان هاتون،بانگەوازی ئەوەیان کردوە کە غەیرە موسوڵمانەکان بۆسەیان بۆ ناونەتەوە و شکست و لەناوچونی ئەمانیان دەوێت و دەیانەوێت ئەو نورەی خوا کە ئیسلام و موسوڵمانانی گرتۆتەوە بکوژێننەوە.

ئێمە لەوانە دەپرسین کە دەیانەوێت (ئیجتیهاد) و(فەتوا) لەئیسلامدا بەیانوی تایبەتمەندێتیەوە بۆ خۆیان قۆرخبکەن،چۆن موسوڵمانە پێشینەکان بۆ ماوەی دوو سەدە توانیان گەورەترین ئیمپراتۆریەت دابمەزرێنن، کە سنورەکانی لەڕۆژهەڵاتەوە تاوەکو چین و لەڕۆژئاواشەوە تاوەکو کەنارەکانی ئەتڵەنتیك درێژبوبوبەوە.

وەچۆنیش دەیانتوانی بێ بوونی هیچ دەستەبژێرێکی دیاریکراو لەئەزهەر و یان لەقوم و نەجەفی ئەشرەف کاروبارە دینی و دونیاییەکانی خۆیان ڕێکبخەن؟.

وەچۆن چۆنیش لەگەڵ دروستبون و لەدایکبونی ئەم قوتابخانە ئاینییانەدا کاروبارە دونیاییەکان هەرەسیان هێناو کاروبارەکانی ئاینیش توشی هەڵوەشاندنەوە هات؟.

بەڵام کۆمەڵی دوهەم لەوانەی کە دەیانەوێت بەناوی ئیسلام و موسوڵمانانەوە قسەکردن قۆرخ بکەن بۆ خۆیان،بڕوایان بەپەیوەستبونێکی قوڵ هەیە بەئاین و ئەحکامەکانیەوە،بێ هیچ سستی و وازهێنانێك،هەر ئەوانیشن ڕزگارکەر لەتاریکی و دەتوانن فیردەوسی لەدەستچوو بگەڕێننەوە،واتە سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین.

بەڵام ئەو ئوسوڵییە توندڕەوانە ئەوەیان بیرچوە کە سێ لەو چوار خەلیفەیە بەشمشێری موسوڵمانەکان خۆیان کوژراون،ئەو موسوڵمانانەی کە ئیسلامبونیان لەسەر دەستی پێغەمبەر(د.خ) و هاوەڵانی بوو،بەمانایەکی تر سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدن نەفیردەوس بوو نەهەنگوینێکی پاك،بەڵکو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی بوو،کە لەهەموو جۆرە مرۆڤێکی تیادا دەژیا،بەچاکەکانیان و بەخراپەکانیانەوە،بەئیمانداران و بێ ئیمانەکانیانەوە،قورئانی پیرۆزیش باسی ئەوەی نەکردوە یان چاوەڕوانی ئەوەی نەکردوە لەموسوڵمانان کە کۆمەڵگایەك دروستبکەن کە ژیانیان فریشتەیانە بێت و هەڵەنەکەن،جابۆیە ئیدیعاکانی ئەو کۆمەڵە توندڕەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەچاکی لەدینەکەیان نەگەشتون و سروشتی دونیاکەشیان نازانن چۆنە.

هیچ یەکێك لەوانە لەخۆیان نەپرسیوە بۆچی بەدرێژایی چوارسەدە و سەرەڕای چەندین هەوڵیش کەچی کەس نەیتوانیوە ئەو فیردەوسە ونبوە لەسەر زەوی بدۆزێتەوە؟.

ڕاستی مەسەلەکەش ئەوەیە هەر هەوڵێك بۆ دروستکردنی شارێکی پاك یان کۆمەڵگای(تۆباوی)درابێت،توشی هەمان شکست هاتوە،ئیدی ئەو هەوڵانە چ بەناوی ئیسلامەوە درابێت وەك تاڵیبان لە ئەفغانستان،یان ئایەتوڵاکانی ئێران،یان تورابیەکانی سودان،یان بەناوی مارکسیەتەوە بێت،وەك هەوڵەکانی(لێنین) و (ستالین) لەڕوسیاو و(ڤیدڵ کاسترۆ) لە کوبا.

لەوانەیە نەموزەجی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەفیردەوسی ئیسلامیە توندڕەوەکان بچێت،نەموزەجی وڵاتە ئەسکەندەناڤیەکان بێت وەك(سوید،نەرویژ،دانیمارك).

ئەم کۆمەڵگایانە لەڕووی توانای بەرهەمهێنان و عەدالەتەوە لەدابەشکردندا لەچاکترین کۆمەڵگاکانی جیهانن.

بەڵام ئەوەی ئیسلامییە ئوسوڵیەکان ڕەخنەی لێدەگرن لەم کۆمەڵگایانەدا و باسی دەکەن بونی ئازادییە کەسییەکانە،بەئازادی سێکسیشەوە و هەوڵدانێکی مەشروعیش بۆ دەستەبەرکردنی چێژ و خۆشبەختی.

لەئەدەبیاتەکانی خۆیاندا وەك ئەوەی دەیخوێنیتەوە ئەم ئازادییانە بە ئیباحیەت و ڕێ لەلادان تەماشادەکەن،لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئوسوڵیانە ئەوەیان لەبیردەچێت سەرەڕای ئیباحیەتەکانیان،کەچی لەهەموویان زیاتر دەوڵەمەندتر و پێشکەوتوتر و دادگەرترن.

هەروەها ئەوەشیان لەبیردەچێت کە نیوەی گەنجانی جیهانی عەرەبی خەون بەوەوە دەبینن بۆ ئەم وڵاتانە کۆچ بکەن وەك ڕاپۆرتی گەشەپێدانی مرۆڤایەتی عەرەبی ساڵی 2002 ئاماژەی بۆ دەکات.

جابۆیە کێشەکە لەدەقە قورئانییەکانی ئیسلامدا نیە،وەك دەقگەلێکی موقەدەس،بەڵکو لەو تەفسیرانەدایە کە مرۆڤەکان دەیکەن بۆ ئەو دەقانە و زۆربەی جاریش ئەو تەفسیرانە بەمەبەستە دونیاییەکان هاوپێچکراوە،وەك پەیوەندی ئیسلام بەسیاسەتەوە.

وتراویشە کە (ئاین پیرۆزە و سیاسەتیش پیسە) بەڵام لەگەڵ ڕاستی ئەم وتەیەشدا،مافی ئیسلامیەکانە کە بەشداری کاری گشتی بکەن،گرنگ لەو بەشداریکردنەدا ئەوەیە کە ئیسلامیەکان بەهەمان ڕۆح و جیدیەتەوە لەڕێساگەلی کاری دیموکراتیانە کە ئەویش دەسەڵاتی قانونی وەزعیە و مرۆڤ دایدەڕێژێ، بەشداریبکەن.

هەروەها ڕێزی مافی هاوڵاتیبونی تەواوەتی ئافرەت و ناموسوڵمانەکان بگرن و بڕوایان بەگۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێت و ئازادییە سەرەکییەکانیش بپارێزن.

* سەرۆکی ئەنجومەنی سەنتەری(ئیبن خەلدون)ە لەمیسر بۆ دیراساتی گەشەپێدان

سەرچاوە/

ڕۆژنامەی(ئەلوەتەن)ی بەحرێنی ڕۆژی 2006/1/10.

لەژمارەی ڕۆژی 2006/2/16 ی ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) دا بڵاوبوەتەوە.